**دەنگەکان: پۆست هێلتمان لە( جینۆساید،هاوتاوانی،بێدەنگبوون)دا نیگەرانی ئەوەی هەبوو کە (سەدام حسێن) وەک (پۆڵ پۆت) لە خەوی شیرینیدا هەڵنەستێتەوە و لەسەر تاوانی ئەنفالەوە بۆ بەردەم دادگا پەلکێشی نەکەن و ئەو کێشەیە لەدەست بدرێ. گەرچی سەدام بە مەرگی پۆل پۆت نەرۆشت، بەلاَم لە ڕووی کەیسی ئەنفالەوە هێنانی سەدام بۆبەردەم دادگا جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ مەرگی(پۆل پۆت)دا نەبوو. پێتان وانییە مەرگی سەدام کار و ئەرکێکی زیاتری خستبێتە سەر شانی هەڵسوڕێنەرانی دژی جینۆسایدی کوردەوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک کردەیەکی دژی جینۆساید ؟**

خەتاب سابیر :

سەرەتا ئەوە بڵێم، دەستتان خۆشبێت سایتی دەنگەکان ، بۆ وروژاندنی ئەم پرسیارانە لەسەر دۆزی گرنگ و ژیاریی ئەنفال ، ژیاریی بۆ کورد و بۆ مرۆڤایەتیی و بۆ مێژووی نەوەکانی داهاتوو. هیوادارم ئێوەش شانبەشانی هەموو ئەو رێکخراو و کەسایەتیی و نووسەرانەی کار لەسەر دۆزی ئەنفال دەکەن درێژە بە هەموو جۆرە کارێک بدەن لەپێناو گەیاندنی ئەنفال بەجێگەی رەواو شیاوی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتییدا.

پێش هەموو شت، یۆست هیلتەرمان ( Yost Hilterman ) نووسەرێکی ئاکادیمست و سکۆلارسێکی پرۆفیشناڵ نییە، ئەو کەسێکی هیومانیستە زێتر، لە بەشێکی رێکخراوەی ( Human Right Watch ) کاردەکات و بەداخیشەوە کەمێک بە پرۆ کورد ناسراوە لە نێوەندە سیاسییەکاندا. لەکاتێکدا لە دنیای رۆشنبیریی و توێژینەوەدا، کەسانی ئاکادیمست باش نییە پرۆی هیچ لایەن و دەوڵەت و بزوتنەوەیەک بن. بەهەمان شێوەی مارتین ڤان بروونیسن ( Martin Van Bruinessen ) و دکتۆر مونزیر ئەلفەزڵ نەک هەر پرۆ کوردن، بگرە پرۆ ( بارزانیی )یشن. سەرەڕای ئەوەی بروونیسن زۆر لێکۆڵینەوەو شتی باشیشی نووسیوە. ئەمە چیرۆکی من نییە، ئەمە ئەو کاتە دێتە سەررێت ئەگەر نووسینەکانیان وەک ریفرێنس بەکار بهێنێ و کەسێکی شارەزا سەیری بکات، یەکسەر دەڵێ ئەمانە پرۆی کوردن. بەئەفسووسەوە سەرانی کورد دەیانەوێ بەهەمان چەمکی کڕین و فرۆشتن، چۆن لەگەڵ قەڵەمە لاوازو خۆفرۆشەکانی هەندێ قەڵەمفرۆشی کورددا هەڵسوکەوت دەکەن، بەهەمان چەمک و تێڕوانینەوە لەگەڵ نووسەرانی بیانییشدا هەڵسوکەوت بکەن. کە ئەم پرۆبوونە لەسەر بناغەی بەدەست لەپشتدان و بەقوڕگداکردن، لە درێژخایەندا زیانەکانی لە سوودەکانی زۆرتر دەبێت.

لەرووی یاسایی و ستانداردی نێودەوڵەتییەوە هێشتا دەبێ بە کەمێک چاوقایمییەوە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بە جینۆساید بناسین یان بناسێنین. ئەگەر ورد سەرنج بدەین، ئەوەندەی وشەی جینۆساید لەسەر زاری کوردەکانە و شێتگیرانە دەیڵێین و دەینووسینەوە، کەچیی لە نێوەندە سیاسیی و ئاکادیمیی و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەدا زۆر زۆر بەکەمیی باس لە جینۆسایدی کورد دەکرێ. هۆکارەکانیش ( بەتایبەتی لۆکاڵییەکانی ) بەکورتیی لەم خاڵانەدا دەبینمەوە:

1. دەستکورتیی و داماویی ئیلیتی نووسەران و رۆشنبیران و ئەو سیاسیانەی تا ئێستا قسەیان لەسەر ئەنفال کردووە. کتێب و لێکۆڵینەوە ستانداردەکان کە هیچی ئەوتۆمان نییە بخەرە ئەولاوە ، تۆ وەرە ژورناڵەکانی دنیا بگەڕێ ( مەبەستم لە ئینگلیزیی و زمانە ئەوروپاییەکانە ) ئەوەندەی نووسەرانی عەرەب، فارس، بیانیی و تەنانەت تورکیش لەسەر ئەم کێشەیەیان نووسیوە ، کورد نەک توخنی نەکەوتووە بەئەندازەی پێویست ، بەڵکوو عەقڵیشمان پێی

نەشکاوە. بەڕاستیی من زۆر شەرم دامەگرێ کاتێ بۆ نووسینێک دەگەڕێم پەیوەندی بەئەنفال و مێژووی سیاسیی کوردەوە هەبێ، دوو نووسەری شایستەی کوردت دەست ناکەوێ، شتێکی وردو ستانداردو ستراتیژیی و ئاکادیمییان نووسیبێت. ئەوانەی هەمانن زۆر زۆر کەمن.

2. لۆبیی کورد نەک هەر لاوازە، من پێمولیە نە لە کوردستان و نە لەهەندەران هەر بوونی نییە. دەوڵەمەندەکان و سەرمایەدارەکانی کورد زۆربەیان درێژبووەوەی کولتووری فیۆدالیزمێکی زۆر کۆنەپەرستانەن و لەگەڵ بازاڕدا خۆیان گونجاندووە، بەپشتوپەنای سیاسییەکانی کوردستان و حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە سەرمایەیان کەڵەکەکردووە. ئێستا دەوڵەمەندەکانی کوردستان لەژمارەدا ئەوەندە زۆر بوونە کە بەپارەی کاش سەنگی هەموو قوربانییەکانی ئەنفال بەدەفتەرە دۆلار دەکێشن، کەچی کەمترین بوێریی مۆراڵیی و سیاسییان تێدانییە دەستێ بدەنە گالیسکەی کەیسی ئەنفال، تەنانەت ئامادە نین خێروسەدەقەش بە قوربانییەکان بکەن.  لاتوپووتەکەشمان کە دیارە زۆربەی کۆمیونیتی کورد لەهەندەران لەبەر باری قورسی ژیان، کوردستانی جێهشتووە و دوای ژیانێکی خۆشتر کەوتووە. بەقەولی مەریوانی وریا قانیع " وەک میسریە قاپشۆرەکانی عێراق " بە دواکەوتووترین کولتوور و بیرکردنەوە هەر رائەکات و پێداناگات. دەیەوێ پێشبرکێی گلۆباڵیزم بە کولتووری داخراوی لادێکانی کوردستانەوە بکات.  لە هەلومەرجێکی سەرتاپا قەیراناویی بەمشێوەیەدا تۆز لە لۆبیی کورد چۆن هەڵدەستێ ئەگەریش ئەو لۆبییە ئەفسووناوییە هەر بوونی هەبێ.

3. هەردوو حیزبی سەرەکیی کوردستان، بوونەتە دوو کۆمپانیای بازرگانیی گەورەو چەندین بیلێۆن دۆلاریان لەسەر کەرامەت و عیزەتی نەفسی ئەو میللەتە خستۆتە بازاڕەوە ( لەهەندەران و کوردستاندا ) و سوودەکانیشی زۆر چاوچنۆکانە هەر بۆخۆیان و بنەماڵەو نزیکترین کەسەکانیانە، ئەمانە دەستیان  لەخۆیان نابێتەوە، نە هیچ بۆ ئەنفال و نە بۆ کەرکوکیش خەرجبکەن. ئینگلیز قسەیەکی کۆنی هەیە، بەکەمێک دەستکارییەوە "پارە زمانی هەیە". پارەش ئەمڕۆ لەکوردستاندا لای ئەو سەرکردە شەریفانە کۆبووەتەوە کە گومرگەکانی کوردستان و داهاتی نیشتمانیی و بودجەی هاوڵاتیانی کوردستانیان قۆرخکردووە، مەگەر هەر خوا بزانێ چەندیان هەیە، بەڵام لەئاست کێشەی ئەنفالدا ئەوەندە قرچۆک و چاوچنۆکن، ئامادەنین هیچی تێدا خەرجبکەن، ئەوەیشی تا ئێستا بەناو کردوویانە بۆ حیزبەکانیان کردووە نەک بۆ گەلی کورد. هەموو کەسێکی سادەو ساکاریش دەزانێ پارە کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە پرۆژەیەکی گرنگی وەک ئەنفالناسین بە جینۆساید لە ئاستی نێودەوڵەتییدا.

ئەو روانگەیەی هیلتەرمان زۆر دروستە کە هێشتا سەدام ( نەک سەددام)** لەژیاندا ماوەو لەدەسەڵاتدا بووە حەزەکان بەرەو کاڵبوونەوە چوونە بۆ بەسزاگەیاندنی تاوانباری چەکی کیمیاویی و ئەنفال، ئێستایشی لەگەڵدا بێت، هەمان دڵەڕاوکێ و ترس بوونی هەیە لە داهاتووی سیاسیی ئەنفال،  ئەوەی کە ئایا مەرگی سەدام حوسێن ئەرکێکی زۆرتری بەجێهێشتبێ بۆ دڵسۆزانی دۆزی ئەنفال، گومانی تێدانییە ئەرکەکەیان لەرووی سیاسیی و یاساییەوە زۆر قورستر دەکات و پێویستی بەماندووبوون و کارکردنی هەمەلایەنە هەیە، پێویستی بەکاری هەرەوەزیی و دەستراگەیشتن بە هەموو ئەو شوێنانەی کە کۆدەکانی ئەنفال تێدەگەن و دەکەنەوەو شییدەکەنەوە هەیە. دەبێ دان بەئەو راستییەشدا بنێین کە کەیسی پینۆشێ و کەیسی دارفۆر هەر ئێستا زۆر گرنگیی باشتری پێدراوە لە ئاستە جیاوازەکاندا لە لێکۆڵینەوە سیاسیی و مێژوویی و ئاکادیمییەکاندا. هۆکارەکەی هەرچییەک بێت بەشێکی زۆری خەتای تەوەزەلیی و داوەشاویی خۆمانە وەک گەلی کورد بەگشتیی و لایەنە پێوەندارەکان ( لە رەشەوە بۆ سپیی) بەتایبەتیی،  کە گرنگیی تەواومان بە ئەنفال و کارکردن لەسەری نەداوە.

نموونەیەکی زیندوو لەسەر ئەم رەهەندە، پرۆفیسۆری مێژوو ( بێن کێنان - Ben Kiernan ) بەڕێوەبەری پرۆژەی جێنۆساید لەکەمبۆدیادا، پاڵپشتییەکی توند دەکات لەوەی  پینۆشێی دیکتاتۆری پێشوو دەبوایە بە تاوانی جینۆساید

دادگایی بکرێ و ئیمیونیتی ( حەسانە ) لەسەر هەڵبگیرێ. لەنموونەیەکی پێچەوانەدا کە سەرمەوقولات بە هەموو بەها مرۆیی و مۆراڵییەکان دەدات، بارزانیی و تاڵەبانیی و ئیسلامییەکان زۆر بێدەربەستانە داکۆکییان لە نەزار ئەلخەزرەجیی منداڵکوژ کرد . جا سیاسییەکانی ئێمە بەمشێوەیە قوماریاز بن و گاڵتە بەهەستی میلیۆن میلیۆن خەڵکی کوردستان بکەن، داکۆکییەکی چاوشۆڕانەی بەمشێوەیە لە کەسێک بکەن، کە بەهەزارو یەک بەڵگەی بینراو و نووسراو و تۆمارکراوەوە دەستی لە ئیسنۆساید ( Ethnocide ) و جینۆسایدی کورددا هەبێت. چاوەڕێی چی لەم قۆنتەرانتچیی و بازرگانانە دەکرێ. رەنگە ئەم وشەیە قورس و توندوتیژ و ناشیاو بێت بۆ ئەوەی کاتەگۆریی یەکێتیی و پارتیی پێ دەستنیشان بکرێ. بەڵام ئایا کێ هەیە ئەوەندە ئازا بێت لەزماندا وشەیەکی پڕ لەبەها و ئیسیک بدۆزێتەوەو بەکاریبێنێت بۆ دوو حیزب کە هەموو شادەمارەکانی ژیانیان لەکوردستاندا بۆخۆیان قۆرخکردووە؟ و حیزب کەڵەگای هەموو مەیدانێکە وگەندەڵیی هەموو سنوورێکی لۆژیکی بەزاندووە!.

**دەنگەکان: ئەنفال لە پاش ئەو هەموو زنجیرە دادگایانەی سەرانی ڕژێمی بەعس، ئێستا لە کوێی هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق و دونیادا جێگیربووە. ئایا وەک کردەیەکی جینۆساید ناسراوە یان هەر وەک کێشەیەکی لۆکاڵی سەیر دەکرێ و پەیوەست دەکرێ بە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی لە لایەن سەرانی رژێمی بەعسییەوە؟ ئاخۆ ئاکامی ئەو دادگاییکردنە چ واتایەکی بۆ ئاییندەی کورد دەبێ؟**

**خەتاب سابیر:**

یەکێک لە کۆنسێپتە سەرەکییەکانی جینۆساید ئەوەیە بەپێی کرایتێریاکانی یاسای نێودەوڵەتیی، مەوداکانی جێگیر بووە. ئەنفال هەموو ئەم کرایتێریایانەی هەیە،کەرەستەیەکی ئێجگار زۆری خاومان لەژێر دەستدایە. بەواتایەکی تر ماتێریاڵێکی فرە قەبارە و فرە رەهەندمان هەیە. بەڵام کارمان لەسەر نەکردووە. گەلی کورد نرخی ئەم قوربانییە زۆرە نازانێ، نووسەرو رووناکبیرەکانمان ، سیاسییەکانمان، نەک هەر دەستوپێ سپیین، بەڵکوو سەریش لەم دنیایە هێشتا دەرناکەین، ئەوەی چەند کەسێکی دانسقەش کردوویانە تا ئێستا ئەوەندە کەمە کە مرۆڤ ناوێرێ باسیشیان بکات لەئاست کێوی قوربانیی و زیانە سیاسیی و کولتووریی و مێژووییەکانی ئەنفالدا. من گەورەترین بەربەست لەبەردەم بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لە جەهل و نەزانیی و کەمشارەزایی خۆماندا دەبینمەوە.

باشترین رۆشنبیر ونووسەرو ئاکادیمست و ئەکتیڤیستەکانمان لەسەر دۆزی ئەنفال، وەک دیژیش ناوی دە نووسەرو ئاکادیمست و ئەکتیڤیست و سکۆلارسی جیهانیی نازانین کە لەسەر جینۆساید و وردەکارییەکانی بەرهەمی دەگمەنیان هەبێ ، تەنها هەر وەک ناو، ئەگەر کتێبەکان و لێکۆڵینەوەکانیانمان هەر دیبێتیشن ( ج جای بەخوێندنەوەیان دەگات ). ناوی چوار ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوە لەسەر جینۆساید نازانین ، لە کاتێکدا بەمیلیۆن کتێب و ژۆرناڵ و وتار لەسەر جینۆساید و لقوپۆپەکانی نووسراوە. ئێمەی کورد ، ئیلێتەکەمان، فەیلەسوفەکانمان، نووسەرە مەغرورەکانمان زۆر زۆر کۆڵەوارین ، تەنانەت نەخوێندەوارین لەئاست ئەم زانستە سیاسیی و هیومانیتییەدا ( مەبەستم لە جینۆسایدە ). بەڕاستیی گرنگترین کار ئەوەیە ئێمە رزگارمان بێت لە رۆشبیریی دەستی دوو، لەو کتێبە کۆنە عەرەبیی و فارسییە وەرگێڕدراوانەی کە زانیارییەکانیان هێندە کۆنن یەقیان کردووەتەوە. پێموایە هەر کەسێک بەخۆی بڵێ رۆشنبیر، دەبێ سەرچاوەی خوێندنەوەی لەزمانێکی ئەورووپییەوە بێت، ناکرێت و گوناهێکی گەورەیە بە ئینگلیزیی و زمانە ئەورووپاییەکانی تر نەخوێنێتەوەو بەخۆیشت بڵێی رۆشنبیر.

تۆ وەرە سەیری وانە( لێکچەر ) و پرۆگرامی خوێندنەکانی ( مەبەستم لە Syllabus or Curriculum ە ) زانکۆکانی ئەمێریکا، کانەدا، ئەورووپا بەگشتیی و بریتانیا بەتایبەتیی، ئوسترالیا و نیوزیلاند، تەنانەت ژاپۆن و کۆریای باشوور

بکە لە خوێندنە مرۆیی و یاسایی و سیاسییەکاندا ، کە هەموو کەس بەچەند چرکەیەک لەڕێی وێب سایتەکانیانەوە دەستی پێدەگات، وێڕای سەرجەم هەموو ئەو تێزانەی کە خوێندکاران خۆیان هەڵیدەبژێرن، ئەوەندەی لەسەر دارفۆر، جینۆساید لەکەمبۆدیا، کێشەکانی باڵکان ( لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوودا )، رواندا، یان تەنانەت کەیسێکی بچووکی وەک پینۆشێ نووسراوەو دەخوێندرێ و دەیان هەزار خوێندکار لەسەرتاسەری ئەم دنیایەدا ساڵانە تاوتوێی دەکەن و بە تریلیۆن وشەی ئاکادیمیی بەسەریەکدا دەدەن، شتێکی ئەوتۆ لەسەر ئەنفال نییە. ئەمە هەر خەتای دووڕوویی و هەلپەرستیی و بێباکیی رۆژئاواو سکۆلارسەکانی نییە، ئەوەندەی خەتای کورد خۆیەتی. خەتای سیاسییەکانی، حیزبەکانی، نووسەرەکانی، ئاکادیمیستەکانی، میدیاکانی، چووزانم هەموو قەلاج و گەجەرو گوجەر و تاکێکی ویژدان مردووی ئەم گەلە بێکەس و کۆڵەوارەیە.

ئاخۆ ئاکامی ئەو دادگاییکردنە چ واتایەکی بۆ ئاییندەی کورد دەبێ؟ کورد هەر لەسەرەتاوە زۆر گێلانە، نەزانانە، جاهیلانە خۆی دایە دەست قەدەرەوە، قەدەرێک کە هەموو کۆدەکانی لای ئەمێریکایی و شیعەکانە، تەنانەت عەرەبی سوننەی عێراقییش لەکورد لەپێشتر بوونە بەهەندێ ئەملاوئەولاوە. گەورەترین هەڵەی مێژوویی کورد ئەوەبوو کە پێی دانەگرت لەسەر دادگاییکردنی سەرانی رژێمی لەناوچوو لەداگا نێودەوڵەتییەکاندا. گەورەترین گەمژەیی کورد ئەوە بوو کە بەشێکی بەرچاو لەخەڵک خۆشحاڵ بوون بە لەسێدارەدانی سەدام، بێئەوەی بزانین مانەوەی سەدام لەژیاندا چەند بەقازانجمان بوو ئەگەر ئەو مانەوەیەمان بقۆستایەتەوە. ئێستاش لەسێدارەدانی عەلی کیمیاویی قەتماغەیەک ناکاتە سەر هیچ زامێک و لەداهاتوویەکی نزیکیشدا، مێژوو ئەوەندەی کورد بە تامەزرۆی تۆڵە و ئۆخژنکردن لە گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکاندا لەرێگەی سێدارەو سڕینەوەی مرۆڤ بەهەڵواسینەوە دەبینێ ئەوەندە بە گەلێکی نابینێ کە پەنای بۆ لۆژیک و داهاتووی سیاسیی خۆی بردبێ.

بەداخەوە دەڵێم ئێمە وەک کورد، لە نۆزدە ساڵی رابردوودا ئەنفالمان بەهەموو وردەکارییەکانیەوە دۆڕاندووەو سوودێکی ئەوتۆمان لێنەکردووە. بەدارخستنە سەر بەردێ لەم دادگاییکردنەشدا، کورد جگە لەشتێکی کاتیی و سووکناییەکی تیژتێپەڕ هیچیتری دەست ناکەوێت. بەڵام ئەگەر دادگا تەواو بێت و ئەم سەرانەش هەندێکیان لەسێدارە بدرێن، هێشتا هەلی زۆر گرنگ ماوە بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال لەئاستی نێودەوڵەتییدا. ئەوەش بەرەی قەڵەم و کاغەزو پرۆژەی ئاکادیمییە کە ئەنفال هەڵدەستێنێتەوە، نەک خۆگێڤکردنەوەی ناوەڕۆک بەتاڵ و شەرمنۆکانەی سەرکردەکانی کورد و میلیشیاکانی پێشمەرگە.

ئەوە کاری داهاتووە ، کاری دەستەویەخە بوونە لە دنیای نووسین و نێوەندە ئاکادیمیی و خاوەن قورساییەکاندا. کاری ئەو سەدان نووسەرو رووناکبیرەیە کە دەیان تەکانی گرنگ لەچەند ساڵی داهاتوودا بەئەنفال بدەن. کاری ئەو نێوەندو گروپ و رێکخراوانەیە کە بە راستیی دەیانەوێ ئەنفال وەک دۆزێکی یاسایی و سیاسیی لەئاستی جیهانییدا بدرەوشێنرێتەوە، کاری ئەو کەس و لایەنانەیە کە دەتوانن یان دەیانەوێ پارە بخەنە خزمەتی پرۆژەی بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان. خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە هەرگیز نابێت لەبیری بکەین، ئەنفالی کورد پێش هەر شتێک پاکتاوی نەژادیی ( Ethnic Cleansing) بووە، ناسیۆنالیزمی عەرەب لە سەردەمێکی کۆنەوە بەبیانووی یاخیبوونی کوردەوە ددان لەکورد دەکرۆژێ و لەئەنفالدا ئەم داخەی پێمان رژاند. لەم دیدەوە پانعەرەبییزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبیی،ئایدۆلۆژیای بەعس، رەوڕەوەی شەپشەی ئەنفالن، بەواتایەکی سیاسیی و قووڵتر رەگێکی هاوبەشی ئیتەمۆلۆجی ( Etymology Common) یان لەگەڵ جینۆسایدا هەیە.

ناکرێ لەدادگاییکردنی سەرانی بەعسدا، دەستبەرداری دادگاییکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی ببین، ناکرێ ئایدۆلۆژیای بەعس و سیستەمی سوپاسالاریی بەعس و رژێمی سیاسیی عێراق وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچن و پاکانەیان بۆبکرێت. ناکرێت چارەگە میلیۆنێک جاشی کورد، لای کەم سەدان سەرۆک جاش ( موستەشارو ئامر مەفرەزەی خاسە ) هەروەک ئێستا نەک

هەر ئازاد بن، بەڵکوو پیاوی دیوەخانەکانی هەردوو زلحیزبی کوردستان بن. تەنانەت ئەگەر لە داهاتوودا متمانەی نێودەوڵەتیی و راستگۆیی و دادپەروەرییمان دەوێت، دەبێت حیزبە سیاسییەکانی کوردیش بەپێی ئەوەی کەم و زۆر بیانوویان داوەتە دەستی بەعسەوە بەهێنانی داگیرکەرێکی تر بۆ سەر خاکی کوردستان، دادگایی بکرێن( ئەمە نەک بەو واتایەی ئەگەر حیزبە کوردییەکان ئەم کارانەیان نەکردایە، بەعس ئەوەندە دڕندانە هەڵسوکەوتی نەدەکرد )، بەڵکوو ئەوانیش وەک قوربانی ناو قوربانییەکان کەمتەرخەمی و هەڵەی سیاسیی زۆر گەورەیان کردووە کە تا لێواری درێغی نیشتمانیی رۆچوونە، پەلاشی زۆرتریان داوەتەوە دەم دەڕاسەی بەعسەوە بۆ دروێنەی هەرچی خێراتر و قەبارە زۆرتر لە ئەنفالدا.

لەکۆتایی وەلامی پرسیارەکانتاندا، دەمەوێ سەبارەت بە ئایندەی سیاسیی ئەنفال جەخت لەگرنگیی زمانە ئەورووپییەکان بکەمەوە. ئێمە بەپلەی یەکەم لەرێگەی زمان ( ئاخافتن و نووسین ) ەوە دەتوانین هەموو وردەکارییەکانی ئەنفال و بیروبۆچوونەکانمان بگەیەنین بە شوێنە پێویستەکان، ئەورووپیی و ئەمێریکیی و خەڵکی هەر شوێنێکی تر نایات فێرێ کوردیی ببێت و لەبری ئێمە بنووسێ و بیریکاتەوە. کەواتە دەبێ خۆمان ئەوەندەی بەلۆکاڵیی دەنووسین، بیر لەوە بکەینەوە بە ئینگلیزیی و ئاڵمانیی و فرانسیی و ئیسپانیی و زمانە سکەندناڤییەکان و ....تاد بنووسین. کوردستان برمێت، دۆکتەر و پرۆفیسۆر دەیگرنەوە. ئەی کوا بەرهەمی نووسینی (بە زمانە بیانییەکان) ئەم لەشکرە زۆرەی کە بەسەدان دۆکتەر و پرۆفیسۆر دێنە ئەژماردن؟ ، ئایا مافی خۆمان نییە گومان بکەین کە زۆربەی بڕوانامەو دۆکتراکانیان ساختەیە؟.

هاوکات لە گەڵ ئەم لەشکرە زۆروبۆرەی دۆکتەر و پرۆفیسۆرەکانی کوردستان و هەندەراندا ، لەشکرێکی ترمان هەیە کە ناوی لەشکری وەرگێڕەکانە، بەهەزاران وەرگێڕی ئینگلیزیی و زمانە جۆراوجۆرەکانی ترمان هەیە، نەک هەر ئەوەی کە هیچ لێکۆڵینەوەو نووسینێکی ستاندار لەسەر ئەنفال و هیچ شتێکی تری نایاب وەرناگێڕن لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر، بەڵکوو هەر بزرن و هیچکارەن. دەسەلاتی سیاسیی و بیلیۆنێر و میلیۆنێرە سیاسییەکان، خۆ دەتوانن هەر هیچ نەبێت، چەند سەنتەرێک دابمەزرێنن بۆ وەرگێڕانی نووسینە باشەکان لەسەر ئەنفال، بۆ زمانە گرنگەکانی جیهان و بەشێکیش لەم لەشکرە کاری تێدابکەن. کورد تا ئێستا زمانی نییە ئەنفال وەک چیرۆکیش بەتەواویی بگێڕێتەوە ، چ جای ئەوەی بە لێکۆڵینەوەی تیئۆریی و سیاسیی و یاسایی و کولتووریی و.....تاد بیگێڕێتەوە . ئیتر چۆن ئەنفال وا بەزوویی دەتوانین بە جینۆساید بناسێنین ئەگەر زۆر خۆمان ماندوو نەکەین .

---

**

ناوی "صدام" بە عەرەبیی قورساییەکی تێدایە لەسەر پیتی ( د ) ، هەندێ کەس پێی وایە ( Saddam ) چونکە لە ئینگلیزییدا بە دوو (د) نووسراوە ، ئێمەش دەبێ بە ( سەددام ) بینووسین. لەبەر ئەوەی لە ئینگلیزییدا دوو ( د ) بەسەریەکەوە دێن وەک ( Riddle, Saddle, Odd) کە کارێکی ئاساییە بۆ ئەوان، چونکە زمانەکەیان لە بنەڕەتدا دوو ( د ) بەسەریەکەوەی تێدایە. لە کاتێکدا ئەگەر لەکوردییدا هەمان کار بۆ هەموو وشەیەکی قورس لەسەر زمان بکرێ ، ئەوە تەعریبکردنی زمانەکەیە لە رووی فۆنەتیکەوە. بۆ نموونە هەندێ کەس "عطا " عەتا دەکەن بە عەتتا، "رضا" رەزا دەکەن بە رەززا و " لذة" لەزەت دەکەن بە لەززەت... تاد. من پێموایە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و نەزانییەکی زۆر کوشندەیە، چونکە ناکرێ فۆنەتیکی زمانی کوردیی بەزۆر گێڕوگەوار بکەیتەوەو لە فۆنەتیکە عەرەبییەکەی نزیک بخەیتەوە. لەکاتێکدا رەگی ئەم دوو زمانە ئاسمان و رێسمانیان نێوانە.

خەتاب سابیر